# پۆست مامە ریشە

سەردار عەزیز

سەرکردەی موسوڵمانان خالیدی کوری وەلید ترسی گەورەی ئەوەبوو کە لە جێگادا بمرێت. ئەو هەموو ئاواتی ئەوەبوو کە لە بەرەی جەنگا شەهیدبێت. بەرەی جەنگ، گۆرەپانی شەر، ئەو جێگایەی کە مەردایەتی پیاوی تیا دەرئەکەوێت. کە جوانیەکان ئەدرەوشێنەوە. کە مرۆڤ نازناوی ئازایەتی و بە جەرگی بۆ خۆی تۆمارئەکات. شەر ئەو ساتەوەختەیە کە رەنگە کەسێک تیابمرێت، بەڵام لە هەمانکاتدا کاتوساتی تومارکردنی نەمریە. ئەمە نەک تەنها لە کەلتوری رۆژهەڵاتدا، بەڵکو بەشێکی زۆری کەلتوری مرۆڤایەتیە.

ئەم دونیابینیە، شەر وەک نومایشێکی جوانی و جەنگاوەریش وەک پاڵەوان، بەهۆی تایبەتی مێژومانەوە، پانتاییەکی گەورەی لە دونیای سیاسەت و عەقڵی سیاسی ئێمەدا داگیرکردو. دونیای سیاسەتی ئێمە لە ساتەوەختێکی ناسکدا ئەژی، ساتەوەختی پچران و گواستنەوە. کەلتوری ئێمە ئاشنایە بە سوارچاک، بە مێرد، بە قارەمان، بە کەڵ ژیان، عەگید، شەهید، لە سەروی هەمووویانەوە پێشمەرگە، بەڵام نامۆیە بە دیپلۆمات، بە پیاوی دەوڵەت، بەو بوونەوەرە سەیرەی کە کاری ئەوەیە لە دونیا رامێنێت و بیرکاتەوە، بە فەیلەسوف. ئەمە گواستنەوەیە لە شاخەوە بۆ شار، لە سەنگەرەوە بۆ کورسیە نەرمەکانی بەر سپلیت. لە جەمەدانیەوە بۆ بۆینباخ. بەڵام ئەم گواستنەوەیە کارێکی ئاسان نیە. چونکە تەنها گۆران نیە لە شێواز و شوێندا. بەڵکو گۆرانە لە سایکۆلۆژیەتدا، لە ئیگۆدا، لە عەقڵدا، دەتوانم بڵێم گۆرانێکی سەرتاپاسەریە لە بووندا.

ئەم ساتەوەختە، ساتەوەختێکی هێندە ئاڵۆز و پڕ سەیر و سەمەرەیە تەنها لە توانای خەیاڵ و دونیایەکی مەزنی وەک دونیای ئەدەب هەیە دەریببرێ. بەڵام ئەفسوس دونیای ئەدەبی ئێمە بیابانێکی رەق و تەقە.

دونیای پۆست مامەریشە، دونیایەکە کە چی دی تیایە ئەفسانە لەدایک نابن. خوێن نایەتە جۆش. کەس ناتوانێ وەک جاران جوانی و عەشقی بێ سنور لە خۆی کۆکاتەوە. بە دەشتە کاکی بە کاکیەکانی گەرمیانا بفرێت و دەبابە قووتدات و بە عامود بن دانی پاککاتەوە. چی دی داستانی وەک داستانی هەڵاج و دابان و خواکورەک نانوسرێنەوە. بێژەری رادیو و تەلەفزوێنەکان دەنگیان گڕ نابێت، هاوارناکەن. لە دونیای پۆست مامەریشەدا دایکم بە ئاسانی لە هەواڵەکان تێناگات، ناوەکان بیانی و سەیرن، سەرزەمینی چالاکیەکان وولاتی دوورن، ناوەکانیان هێندە گرانن لە ناوی تایت و سابوون ئەچن.

بەڵام پرسیاری گەورە ئەوەیە، لە دونیای پۆست مامەریشەدا، خەڵکانی سەردەمی مامەریشە چی ئەکەن. وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نیە، لەهەمانکاتدا یەکێکە لە هەرە قەیرانە گەورەکانی دونیای سیاسەتی ئێمە. ئەم کێشەیە تەنها کێشەی کورد و سیاسەتی کوردی نیە، ئەمە کێشەی بەشێکی گەورەی ئەو سەرزەمینەیە کە پێی دەڵێن دونیای سێ. لە ئەفریقای دونیای پۆست-کۆڵۆنیالیزم، لە سەرەتاوە دونیایەک هاتە ئاراوە کە پێویستی بە بیروکرات بوو لە بری جەنگاوەر. بۆیە هەرزوو سەربازەکان هەستیانکرد، ماندووبوونیان، بەری رەنجیان، خەباتیان، بۆ کەسانێکی ترە نەک خۆیان. بۆ سەربازەکان دونیای سەردەمی کۆڵۆنیال دونیاک بوو کە تیایا خۆشەویست بوون، خاوەن رێزبوون، سەرکردەبوون، بەڵام دونیای پۆستکۆڵۆنیال، دونیایەکی

بەتاڵبوو، سارد، خاوخلیچک. لەسەرووی هەموو ئەمانەوە دونیایەک بوو کە ئەوان تیایا هەستاین ئەکرد کە کەنارگیرکراون. ئەم قەیرانە لە سەرەتاوە هەستی پێنەکرا. جەنگاوەرەکانیش نە هاتن داواکاریەکانیان پێشکەشکەن. بێدەنگ مانەوە تا پڕبوون، کە پڕبوون دەستیانکرد بە کودیتا.

ئەگەر جیاوازیەک هەبێ لە نێوان دونیای سیاسەت لە ئەفریقا و دونیای سیاسەت لای ئێمە، ئەوەیە کە لە دونیای سیاسەتی ئێمەدا جەنگاوەرەکان پشتگوێ نەخران بەڵکو هەرزوو بوونە پیاوی دەوڵەت، یان ڕەواترە بڵێم خاوەنی دەوڵەت، چونکە لە عەقڵی سیاسەتمەدارانی کورددا ئەوان وەک سیاسەتمەدار خاوەن دەوڵەتن، نەک گەل. ئەم بە هەڵە تێگەشتنەیە کە وەهایکردوە لە نێوان لێپرسراوان و خەڵکدا خراپ لەیەک گەیشتنێکی بەردەوام لە ئارادابێت. لێپراسراوان لەوە سەریان سورماوە بۆچی خەڵک هەمیشە و بەردەوام داوائەکەن. هەرگیز تێرنابن. خەڵک دەبێ سوپاسگوزاربێت، لان شکرتم لازیدنکم.

لێرەوە کلیلی دەرگای ئەو دونیایەمان دەستئەکەوێ کە وەک ئەیدز جەستەی سیاسی ئێمە توشی پەککخستن کردوە، کلیلی دەرگای گەندەڵی.

دونیای سیاسەتی ئیمە، دونیایەکە کە جەنگاوەرەکان وا هەست ئەکەن کە لە بەرەی شەردا بردویانەتەوە. ئەوەی لە ئەنجامی شەردا دەبرێتەوە دەستکەوتە، دەسکەوتیش وەک شیری بەری دایک حەڵاڵە. دەستکەوت و جەنگاوەر دوو چەمکی لێکدانەبراون. سورەتی ئەنفال بۆئەم مەبەستە دابەزیوە. تێگەشتن لە سورەتی ئەنفال، لە دیاریدەی ئەنفال، یارمەتیەکی باشمان ئەدات بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی کوردی، بۆ دەستنیشانکردنی قەیرانەکان، بیرلێکردنەوەیان، و هەوڵدان بۆ بونیادنانی دەوڵەتێک کە ڕێگە بەم دیاریدانە نەدات.

دونیای پۆست مامە ریشە دونیای دەوڵەتە. جەنگاوەر و دەوڵەت دوو چەمکی دژ بەیەکن. دەوڵەت جەنگاوەرەکان دەکات بە سەرباز. سەربازیش ئەو بوونەوەرەیە کە خوێنی دەرژێ و هەرزوو لە بیردەچێتەوە. دەوڵەت بەرهەمی عەقڵی مۆدێرنەیە. لە دونیای مۆدێرنەدا چی دی شەر هونەرنیە بەڵکو زانستە. لە دونیای دەوڵەتدا پاڵەوانەکان لە ئاسنن، نەک لە گۆشت و ئێسقان. لە دونیای پۆست مامەریشەدا تەنانەت ئافرەتیش دەتوانێ بجەنگێ، چونکە جەنگ بریتیە لە دەستپیانانی دوگمە. ئەمە بوو وەهای لە فەیلەسوفی فەرەنسی جان بۆدلێیارد کرد بڵێ جەنگی کەنداو هەرگیز ڕووینەدا.

لە دونیای پۆست مامەریشەدا جەنگاوەرەکان دەترسن. دەترسن بێکەڵک بن، بێ دەسەڵات بن. بۆیە بە هەمووجۆری هەڵپەی ئەوەیانە چۆن هێز بۆ خۆیان کۆکەنەوە. پارە بە هێزترین ئامرازی هێزە لە شاردا. بۆیە جەنگاوەر هەرزوو دەیەوێت ببێتە سەرمایەدار. سەرمایەدارێک جودا لە بۆرژوا. بۆرژوا چینی دامەزرێنەری دەوڵەتن. بۆرژوا دەسەڵاتی لە ئەفسانە کۆنەکان دارنکرد و خەونی بەهەشتی کردە پرۆژەیەکی ئەندازیاری. سەرمایەداری کورد بۆرژوانین. بۆرژواکان شۆرشگێرترین چینی کۆمەڵن. ئەم رستەیە ڕەنگە خوێنێکی زۆر لە دەمووچاوی کۆمۆنیستە سەلەفیەکان کۆکاتەوە. ببورن!!

دونیای پۆست مامەریشە، دونیای ئەو کەسانەن کە دەتوانن لە کۆشکە گەورەکانی دەسەڵاتدا ڕێرەوێک بۆخۆیان بدۆزنەوە. لە پایەتەختە دوور و سیستەمە ئاڵۆزەکانا دەنگ و ڕەنگێکاین هەبێت. چونکە پانتایی خەباتی کوردی بەشێکی زۆری لە پایەتەختی وڵاتە گەورە و گرانەکانا لە پشت دەرگا

کلۆم دراوەکانەوە بەڕێوەدەبرێت. ئەم دونیا نوێیە، پێویستی بە شارەزایی لە زمانی نوێ و کەلتوری نوێ و دونیای فیکر و میدیا و دەزگا جۆراو جۆرەکانی تر هەیە، وەک لۆبی و ثنک تانک و زانکۆ. ئەم دونیایە لە ئەنجامدا چینێکی نوێ دێنێتە ئارا، چینێک کە بە ئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵ نەکەین ڕەنگە توشی قەیرانی نوێمانکات.

دونیای سیاسەتی ئێمە لە میانەی گۆڕانیا توێژێکی تر لە ئیلیت (سەردەستە) دێنێتە ئارا، کە ڕەنگە دیموکراسیانە نوێنەری خەڵکی کوردنەبن. بۆنموونە لە دونیای پۆست مامە ریشەدا لەوە ناچێت هیچ گەرمیانیەک بوونی هەبێت. گەرمیان لەبەر سەختی و ووشکی سەر زەمینەکەی بە دەست هەژاریەکی سەختەوە دەناڵێنێ. لە سەدەی شانزەدا خەڵکی سویسرا لە بەر سەختی سەرزەمینەکەیان ئەوەندە هەژاربوون دەچوون لە وولاتانی دەوروبەر دەبوونە سەرباز و جاش. هەتا ئەمرۆش پارێزەرانی پاپای ڤاتیکان خەڵکی سویسران، کە پێیان دەڵێن پاسەوانە سویسریەکان. بۆیە خەڵکی گەرمیان سەرەرای خەباتی زۆریان ڕەنگە بێبەری بن لە دەسەڵات. دونیای پۆست مامە ریشە، ئەو دونیایەیە کە ماکس ڤیبەر ناوی نا، دونیای بەتاڵبوونەوەیە لە ئەفسانەکان، ئێندزاوبرینگ بە ئەڵمانی و دسئینچانتمێنت بە ئینگلیزی.

جەنگاور یان پێشمەرگە بیزارە لە دەوڵەت، بێزارە لە نەتەوە، بێزارە لە دەوڵەتی نەتەوە، چونکە تەنها لە ڕێگای دیموکراسیەوە دەوڵەتی نەتەوە دێتە دی. دەوڵەتی ئاغا و  دەوڵەتی پاشا و دەوڵەتی سەرۆک ڕەنگە ناو لە خۆیان بنێن دەوڵەتی نەتەوە بەڵام دەوڵەتی نەتەوە نین. دیموکراسیەتیش یانی دەسەڵاتی یەکسان بۆ هەموان. لە دەوڵەت و دیموکراسیدا جەنگاوەر و قارەمان بوونی نیە، ئەوەی هەیە دەزگایەکی ئاڵۆزە کە هەموان لە خزمەتی دان. خزمەتیچیەکانی دەسەڵات، ئەوانەن کە ماکس ڤیبەر ناوی نان بیرۆکرات. بیرۆ بە مانای ئۆفیس. ئۆفیسیش شوێنە نەک کەس. لەم سیستەمەدا شوێن دەستی باڵایە، ئەو شوێنەی کە بەشێکە لە دەزگا ئاڵۆزەکەی دەوڵەت. لە بیرۆکراسیەتدا کەسەکان بێروومەتن،  پەیوەندیان نیە بە ئەوانی ترەوە ئەوان بێجیاوازی لە نێوان هاوڵاتیاندا خزمەتی دەوڵەت ئەکەن.

لۆجیکی خێر بۆ خوێش نەک بۆ دەروێش، دژ بە لۆجیکی دەوڵەتە. سیستەمی سەردەمی مامە ریشە بەپێی ئەو لۆجیکە کاردەکات. لۆجیکی پس مام و کوری پلک و کوری پوور هۆی شکستی دەوڵەت و هەموو شێوازکی ریکخستن و حیزب و دەزگاو سیستەمەکانن. بۆ نموونە لۆجیکی کوری پور لە سلێمانی یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی شکستی یەکێتی نیشتمانی کوردوستان وەک حیزبێکی تەبا. لە سلێمانیەوە پێر و تەکەتول دەستی پێکرد. ئەگەر چی سلێمانی وەک شارێک دەیەوێ ببێتە پایتەختی ڕۆشنبیری بەڵام تابینە قاقای نوقمە لە ڕەگەزپەرستی و کوری پورچێتی.